کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-1-2007 12:31

## عەبدوڵڵای حاجی سەعید یاریدەدەری سکرتێری گشتی (ی، ن، ک) بۆ کاروباری بازرگانی و کاسبکاران.
## سلێمانی بووەتە مەیدانی موناقەسەی کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان؟! ... دیداری/ مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

بەمەبەستی ئەو پەیوەندیە بەهێزەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران



ماوەیەك لەمەوبەر پێشانگای کاڵا وەبەر هێنراوەکانی ئێران لەسلێمانی نمایش و ساز کرا، لەوبارەیەوە بەرێز عەبدوڵڵای حاجی سەعید یاریدەدەری بەرێز مام جەلال بۆ کاروباری بازرگانی و کاسبکاران مان دواند کە لەهوڵی ژوری بازرگانی سلێمانی لەگەڵ بەرێوەبەری بازرگانی ئوستانی سنە بە ئامادەبوونی بەرێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم و سەروکی ژوری بازرگانی سلێمانی کۆبونەوەیەکی فراوانیان رێکخست، لەو کۆبونەوەیەدا کە زیاتر لە (300) خاوەن کۆمپانیای ئێرانی تیاییدا ئامادە بوون، چەندین پێشنیارو سەرنجی خۆیان دەربڕی و لەلایەن عەبدوڵڵای حاجی سەعیدەوە وەڵامی سەرجەم پێشنیارەکان درایەوە، لەمیانی وتەکانیدا عەبدوڵڵای حاجی سەعید ووتی: سلێمانی بووەتە مەیدانی موناقەسەی کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان، لەبارەی پەیدابوونی سەرمایەداری گەورە لە کوردستاندا ووتی: ئێستا دەتوانین بڵێین سەدان سەرمایەدار تەنها لە سلێمانیدا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە سەرمایەی یەکێکیان بگاتە زیاتر لە یەك ملیار دولار، هەروەها بە سەرجەم خاوەن کۆمپانیاکانی راگەیاند وتی هەر پرۆژەیەك گەر دەیانەوی لە کوردستاندا ئەنجامی بدەن بەپێی بواری خۆتان پێشنیارو پلانی خۆتانمان پێش کەش بکەن تاکو لەو بوارەدا هاوکاریتان بکەین، پاشان ووتی ئێمە نەك تەنها لەسلێمانی بەڵکو لە رانیەو قەلادزی و کەلارو چەمچەماڵ و کۆیەو دەربەندیخان پرۆژەمان دەوێت و دەتوانن لەو شارانەش کار بکەن، چونکە هەموو ئەو شارانەش لەچوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و ئاسایش تیاییدا بەرقەرارە، پاشان ئەوەشی راگەیاند کە لەچەند رۆژی داهاتوودا بانقی ئابووری نوی ی ئێرانیش مەرکەزی رەئیسی خۆی لە بەغداد ئەکاتەوە و یەکەم فەرعیشی لە سلێمانی دادەمەزرێنی، هەروەها ووتی لەبەرنامەشدا هەیە بانقی کار ئافەرین لەشاری سلێمانی بکاتەوە، هەروەها لەبارەی ئەو پرۆژانەی کەپێویستە لە کوردستان بکرێن ئاماژەی دا بە چەندین بواری جیا جیا وەك: پرۆژەی کشتوکاڵ، پرۆژەی شیرەمەنی، پرۆژەی کابینەی گەشت و گوزاری، نەخۆشخانەو پرد، هەروەها دوای چەند رۆژێکی تر ئەو کۆبونەوەیە بەردەوام بوو زیاتر لە (60) گرێبەستی بازرگانی لەنێوان بازرگانانی سلێمانی و شارەکانی کوردستان و ئەو کۆمپانیانەی کە بەشداری پێشانگاکە بوون

ئیمزا کرا، دواتر هەریەکە لە قونسوڵگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسلێمانی و بەڕێوەبەری بازرگانی ئوستانی شاری سنەو نوێنەری کۆمپانیا ئێرانییەکان سەپاسی عەبدوڵڵای حاجی سەعیدو لایەنە پەیوەندی دارەکانیان کرد، وە دوای هەمان ڕۆژیش لە مەکتەبی یاریدەدەرانی سکرتێری گشتی بەڕێز عەبدوڵڵای حاجی سەعید پێشوازی کرد لە ساختمانی مخونی و سەرمایەگوزاری کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەرپەرشتی ئاغای بێژەن کای کە بە نوێنەرایەتی (500) کۆمپانیای ئێرانی لەبوارەکانی: بیناسازی و بازرگانی و پرۆژەکانی گەشت و گوزاری و کارخانەو پرۆژەی کشتوکاڵدا، کار دەکەن ئەم سەندیکایە موهەندیس (بەهادین ئەدەب) لێپرسراویەتی و ئاغای بێژەن کاموری جێگریەتی.